دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان: دژی ئەو لێدوانانەین کە سوکایەتی بە ئایینە جیاوازەکان دەکەن



دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لەوەڕامی وتەکانی ئاوات حسامەددین، کە وەک نوێنەری ئایینی زەردەشتیەکان لە کوردستان خۆی ناساندوە، رایگەیاند، دژی ئەو جۆرە لێدوانانەن کە سوکایەتی بە ئایینە جیاوازەکان دەکەن و شعوری هاوڵاتیان بریندار دەکەن.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شەممە لەڕاگەیەندراوەکدا لەبارەی لێدوانی هاوڵاتیەکی ئایینی زەردەشتی کە "سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی ئایینی ئیسلام دەکات"، رایگەیاند، "دوای ئەوەی هاوڵاتیەک کە خۆی وەک نوێنەری ئایینی زەردەشتیەکان لە کوردستان ناساندوە بەناوی (ئاوات حسامەددین) لە چاوپێکەوتنێکیدا قسەو وشەی نەشیاو بەرامبەر پیرۆزیەکانی ئایینی ئیسلام بەکارهێنابێت ئەوش بە سوکایەتی هەژمار دەکرێت و پێچەوانەی یاساو بنەماییە بەرکارەکانە لە هەرێمی کوردستان و بەوش نیگەرانی گەورەی دروستکردوە لەناو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەیان موسڵمانن".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەوان "دژی ئەو جۆرە لێدوانانەن کە سوکایەتی بە ئایینە جیاوازەکان دەکەن و شعوری هاوڵاتیان بریندار دەکەن و پشتوی بەاودەکەنەوە ئەوش بەشێکە لە وتاری ڕق و کینەو

توند ەوی دروست دکات و زەرجاریش دبێتە مایەی پەرچە کردارو وەڵام دانەوە، کە هیچی لەبەرژەوەندی ئەو پێکهاتە ژیانە جوانەی هەرەمی کوردستان نیە کە هەموان شانازی پێوە دەکەین و هیچ کێشەیەک نیە لەنێوان ئایینەکان".

لەو راگەیەندراوەکەدا هاتوە، "وەک سەرکەنەکردنی ئەو قسەو لێدوانە بەرامبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەمانکاتدا سەرکەنەی هەر جۆرە پێشێلکاری و سوکایەتیەک دەکەین بکرێتە سەر هەر ئایین و ئایدیایەک و دەبێت دەزگا یاساییەکان و قەزائیەکان هەوڵی یاسایان بکەوێ بۆ ئەوەی نەبێتە کلتورو ەگری بکرێ لە دوبارە بونەوەی".

ئەوەشخراوەتەوە، "لە نزیکەوە چاودێری ئەو بابەتە دەکەین و لەسەر خێت دەبین لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەهەمان کات داواکارین سەرکایەتی داواکاری گشتی هەرێم ئەو کێسە بجوڵێنن و ەکاری یاسایی بگرنە بەر بەرامبەر ئەو کەسە".

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ داوا لەدەزگا راگەیاندنەکان و کەناڵەکان دەکەن نەبنە بەشێک لەبەاوکردنەوەی ئەو جۆرە پەیام و کردارانەی پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و سوکایەتین بە ئایینەکان و چین و توێژەکان لەناو کۆمەڵگە چونکە ئەوانیش دواتر بەشێک دەبن لە بەرپرسیارێتی یاسایی.

ئاوات حسامەددین لەمیانی چاوپێکەوتنێکدا وتی، چەند جارێك قورئانی پیرۆزی خوێندوەتەوە بەناوی "قەناعەتی پێنەکردوم" و نەیتوانیوە لەی تێبگات، ئەو قسانەی نیگەرانی و ناڕەزایی لێکەوتوەتەوە.